# کوێربوون..
# گەڕانەوە بۆ خود، یان بۆ لای خالق

خوێندنەوەی چیرۆکی «گرێبەستە لەگەڵ تاریکیی» ئارام کاکەی فەلاح


ئارام کاکەی فەلاح

ئارام سدیق

### سەرەتا

ئەوەندەی من سەرنجمداوە تا ئێستا چیرۆکی کوردی ئەوەندەی لە خەمی باسکردنی شتە روالّەتییەکاندا بووە، ئەوەندە بەلای ئەو بابەتو شتە جەوهەرییانەدا نەچووە، کە راستەوخۆ کار لە مرۆڤ دەکەنو ژیانی ئاراستە دەکەن. واتە چیرۆکی کوردی ئەگەر باسی دەروونی مرۆڤیشی کردبێت رووکەشەکەی خستۆتەڕوو، نەک لایەنە شاراوەکان، لەکاتێکدا ئەرکی ئەدەب ئەوەندەی باسکردنی شتە دیارەکانە، دوو هێندە و زیاتر باسکردنی ئەو پنتو لایەنانەیە کە چاوی ئاسایی نایانبینێت. واتە باسکردنی شتە دیارەکان، یان کاراکتەرەکانی نێو مێژوو، پێویستە لەپێناو خستنەڕووی دیوێکی شاراوە، یان ئەندێشەکراوی ئەو کاراکتەرانەدا بێت، وەک ئەوەی عەتا محەمەد لە رۆمانی "گێلاسی خوێن"دا باسی خەونی نەمریی لای



میری بابان دەکات، یان ماردین ئیبراهیم لە ڕۆمانی "خەونی پیاوە ئێرانییەکان" لەرێی خەمی ونبوونی دەستنووسی مەموزینی خانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئازارە بەردەوامەکانی مرۆڤ. ئەم دوو نموونەیە تەواو کۆمەکمان دەکات لەوەی کە بڵێین ئەرکی ئەدەب بەگشتیو چیرۆک بەتایبەتی لە ئێستادا پشکنینی وجوودی مرۆڤە.

میلان کۆندێرا دەڵێت: لە مێژووی هاوچەرخدا هەندێک قۆناغ هەیە ژیان تێیدا لە ڕۆمانەکانی کافکا دەچێ، لەپاشانیشدا دەڵێت: کافکا جەوهەری مرۆڤ بەرجەستە دەکاتو ئەو لە ڕۆمانەکانیدا نەحزبو نەئایدۆلۆژیاو نە ئەلفو باکانیو نەسیاسەت ناویان نایەت، ئەوەی کۆندێرا دەیخاتەڕوو بۆ ئەوەیە نووسەر رۆبچێتە نێو ئازارەکانی مرۆڤەوەو ئیشی ئەدەب ئەگەر لە قۆناغێکدا پیاهەڵدان بووبێت بە حزبو ئایدۆلۆژیاو جۆرە سیاسەتێکدا، ئەوا ئێستاو پاش کافکا ئەدەب ئەو رۆڵەی نەماوەو خۆ ئەگەر ئەو رۆڵەشی پێبسپێردرێت ئەوا زوو مەرگی خۆی رادەگەیەنێت، چونکە هەمیشە دەقە نەمرەکان ئەو دەقانەن کە کار لەسەر وجودی مرۆڤ دەکەن، نەک ئەوانەی لە دەوروبەرەوە کاری تێدەکەن، چونکە بەگۆڕانی زەمەن ئەو شتانەی لە دەرەوە کار لە مرۆڤ دەکەن دەگۆڕێنو فۆرمو شێوازی نوێ وەردەگرن، بەڵام ئازارو چەرمەسەرییەکانی مرۆڤ لە هەموو سەردەمەکاندا وەک یەکە، یان گۆڕانی کەم بەخۆوە دەبینێت، لێرەدا مەبەست لە ئازارە فەردییەکانە، نەک کێشەو دەردە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەیە قسەکردنە لەسەر چیرۆکێکی ئارام کاکەی فەلاح بەناوی "گرێبەستە لەگەڵ تاریکیی"[١]، کە چیرۆکێکی نوێی ئارامە. لەم چیرۆکەدا نووسەر جیا لەو چیرۆکانەی پێشتر لە رێی کاراکتەرێکی کوێرەوە بەناخی مرۆڤدا رۆدەچێتو گەڕانەوەیەکی جوان هەیە بۆ شۆڕبوونەوەی مرۆڤ بەناخی خۆدا، ئەم چیرۆکە لەو چیرۆکانەیە کە شایستەی لەسەر وەستانە، ئەگەرچی ئارام لە چیرۆکەکانی تریشیدا ئەم گەڕانەوە بەردەوامەی هەیە بۆ خود، بەڵام ئەوەی ئەم چیرۆکە لەچیرۆکەکانی

تری ئارام جیاده‌کاته‌وه ئه‌وه‌یه، که کاره‌کته‌ره کویره‌که به‌ناچاری به‌هۆی نه‌بوونی بیناییه‌وه به‌ناخی خۆیدا شۆڕده‌بێته‌وه. ئێمه له‌م نووسینه‌دا هه‌وڵی تیشکخستنه سه‌ر چه‌ند لایه‌نێکی ئه‌م چیرۆکه ده‌ده‌ین.

**له‌باره‌ی ته‌نزه چیرۆکه‌وه**

یه‌کێک له تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی چیرۆکه‌کانی ئارام ئه‌و زمانه ته‌نزئامێزه‌یه که له گێڕانه‌وه‌ی رووداوه‌کاندا به‌کاریی بردووه. ئارام نایه‌وێت پاڵه‌وانه‌کانی به زمانێکی فه‌لسه‌فیی بدوێنو ئه‌و خۆی زۆر له ته‌سه‌نوعی ناباو ده‌پارێزێتو ده‌یه‌وێت پاڵه‌وانه‌کان خۆیان، خۆیان بگێڕنه‌وه‌و ئه‌و ته‌نها بکه‌رێکی جێبه‌جێکار، یان بنووسێک بێت.

ئه‌گه‌ر عه‌زیز نه‌سین وه‌کو یه‌کێک له گه‌وره ته‌نزنووسانی بواری چیرۆک ته‌ماشا بکرێت له ئه‌ده‌بی تورکیدا، ئه‌وا ده‌کرێت ئارام کاکه‌ی فه‌لاحیش وه‌کو یه‌کێک له‌و چیرۆکنووسه ته‌نزنووسانه سه‌یر بکرێت که ئێستا وه‌ک تایبه‌تمه‌ندییه‌ک له چیرۆکی کوردیدا ده‌بینرێت، به‌ڵام جیاوازی نێوان عه‌زیز و ئارام له‌وه‌دایه که نه‌سین هه‌موو چیرۆکه‌کانی بۆ ئه‌وه ته‌رخانکردووه و هاوکات خوێنه‌ر بێزارده‌بێت له‌و هه‌موو ته‌نزو گاڵته‌جاڕییه‌ی نووسه‌ر خوڵقاندویه‌تیو ده‌توانین وه‌ک (ته‌نزی ده‌ستکرد) ناوی به‌رین، به‌ڵام ئه‌وه‌ی ئارام ته‌نزه له‌پێناو ته‌نزبووندا، نه‌ک له‌پێناو گاڵته‌جاڕیدا، یان ده‌کرێت بڵێین ئه‌و ته‌نزانه‌ی له چیرۆکه‌کانی ئارامدا هه‌یه ته‌نزی به‌رجه‌سته‌ی ژیانی رۆژانه‌نو رووبه‌رووی هه‌موومان ده‌بنه‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی چیرۆکنووس کردوویه‌تی (ده‌قاندنی) ئه‌و ته‌نزانه‌یه، که ئه‌وه‌ش توانای ئه‌م نووسه‌ره ده‌رده‌خاتو ده‌کرێت وه‌ک (ته‌نزی سروشتی) ناوی به‌رین.

له‌ئه‌زموونی چیرۆکی ته‌نزنووسیندا ئارام تا راده‌یه‌کی زۆر له چیرۆکنووسی ئێرانی (مسته‌فا مه‌ستوور) ده‌چێت، ئه‌ویش له‌رێی ته‌نزی سروشتییه‌وه، که دووره له گاڵته‌جاڕییه‌وه له‌نێو چیرۆکه‌کانیدا ئه‌م حاڵه‌ته هه‌ستی پێده‌کرێت به‌تایبه‌ت له چیرۆکی (مه‌هتابو ئه‌و پیاوه‌ی داسی پێیه)دا که به‌ته‌واوی هه‌ست به‌و نزیکییه‌ی ئه‌و ئه‌زموونه‌ی مسته‌فا مه‌ستوور و ئارام کاکه‌ی فه‌لاح ده‌کرێت.

ئارام له چیرۆکی "باوکی – ناوته‌له‌فون"دا له‌گه‌ڵ گێڕانه‌وه‌ی چیرۆکی سه‌ره‌کیدا چیرۆکی مێرووله‌کانیشی تێکه‌ڵ به چیرۆکه‌که کردووه، که پاڵه‌وان بۆ کچه‌که‌ی ده‌گێڕێته‌وه، له‌وێدا چیرۆکنووس (کورد و مێرووله) به‌یه‌ک ده‌شوبهێنێت، بێگومان ئه‌گه‌رچی ئه‌م شوبهاندنه شێوه‌یه‌ک له ته‌نزی تێدایه له چیرۆکه‌که‌دا، به‌ڵام ته‌نزێک نییه له‌پێناو خوڵقاندنی گاڵته‌جاڕیدا، به‌ڵکو ته‌نزێکه له‌پێناو وه‌زیفه‌یه‌کی گه‌وره‌دا، که پێده‌چێت بچووک سه‌یرکردنی نه‌ته‌وه‌ی کورد بێت وه‌ک چۆن زلهێزه‌کان سه‌یری مێرووله ده‌که‌ن، هه‌روه‌ها له چیرۆکی (دیوه‌خانی ئه‌ستێره‌کان)[٢]یشدا پاڵه‌وانی چیرۆکه‌که که‌باسی کاتی قوتابیبوونی ده‌کات، کاتێک مامۆستا پرسیاری ئه‌وه‌ی لێده‌کات سه‌لاحه‌دینی ئه‌یوبی کورده یان عه‌ره‌ب، پاڵه‌وانه‌که ده‌ڵێت: ئیسپانییه!، بێگومان ئه‌م وه‌ڵامه ته‌نزێکی جوانه. بێگومان له چیرۆکه‌که‌دا ئارام ده‌یه‌وێت ئه‌و بێموبالاتییه‌ی قوتابی پیشانبدات که به‌رانبه‌ر ئه‌و پرسیارانه هه‌یه‌تی که هیچ سودێکی نه‌ماوه، به‌ڵام له‌رووی هونه‌رییه‌وه ده‌توانین ئێمه ئه‌وه بخه‌ینه‌روو که بوونی ته‌نز لای ئارام نوێ نییه ئه‌و چیرۆکه‌ی له ساڵی (١٩٩٢)دا نووسراوه.

له چیرۆکی "گرێبه‌سته له‌گه‌ڵ تاریکیی"یشدا ئارام دیسان هه‌مان زمانی ته‌نزی به‌کاربردووه که له چیرۆکه‌کانی (من به بوکێکی گه‌وره‌وه، دڵێک له که‌لاوه‌و ئه‌و کوڕه‌ی له زۆرکه‌س ده‌چێت)یشدا هه‌یه. ئه‌مه بێجگه له‌وه‌ی که هه‌مان حاڵه‌ت له سێ چیرۆکی یه‌که‌می کتێبی "نووسینه‌وه‌ی درک"دا هه‌ستی پێده‌کرێتو (غه‌ریب ریکۆرد) به‌شێوه‌ی سه‌یرو ته‌نزاوی دووباره‌و سێباره خۆی به خوێنه‌ر ده‌ناسێنێته‌وه، لێره‌دا هه‌ر له‌ناوی پاڵه‌وانه‌که‌شه‌وه هه‌ست به‌و فه‌زا زاڵه‌ی ته‌نز ده‌که‌ین، واته ئه‌م شێوازه له گێڕانه‌وه ته‌نزاوییه

تایبەتمەندییەکی جوانو ئیستاتیکی بە چیرۆکەکانی ئارام بەخشیوە، کە بۆ چیرۆکی کوردی ئەوەندەی من ئاگاداربم شتێکی نوێیە.

**گەڕانەوە بۆ خود، یان بۆ لای خالق**

پاڵەوانی چیرۆکی "گرێبەستە لەگەڵ تاریکیی" کەسێکی نابینایە و ئەو هەر لەسەرەتای چیرۆکەکەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە لە منداڵییەوە نابینایە و بۆ سیودوو ساڵ دەچێت هیچ شتێکی دەرەوەی خۆی نەبینیوە، لەم سەرەتایەوە خوێنەر هەست بەوە دەکات لەبەردەم پاڵەوانێکی نابینادایەو ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر سیحری ناونیشانی دەقەکەی بەتاڵ بۆتەوە، کە نووسەر ویستوویەتی نادیارییەک لە ناونیشاندا بە خوێنەر بگەیەنێت، بەڵام لە پەرەگرافی یەکەمدا، ئەو سیحرەی ناونیشان بەتاڵ بۆتەوەو ئەم سەرەتایە زیانێکی زۆری لە ئیستاتیکای دەقەکە داوە، یان دەتوانین بڵێین خاڵی لاوازی ئەم دەقە لێرەدا کۆدەبێتەوە.

گێڕەرەوە کاتێک چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، کە لەقاوشی نەخۆشخانەدایەو چاوەڕوانی ئەوەیە بیبەن بۆ ژووری نەشتەرگەری بۆ ئەوەی بینایی بۆ بگێڕنەوە، خاڵی بەهێزی چیرۆکەکە لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنەدایە کە چیرۆکنووس بۆ گێڕانەوەکە هەڵیبژاردووە، گێڕەرەوە وەک بترسێت لەو چرکانەی پاش نەشتەرگەرییەکە بەسەریدادێت دڵی خۆی دەکاتەوە و هەرچی لە دڵیدایە هەڵیدەڕێژێت، ئەو سەرەتا دەڵێت: هەموو شتێکی جیهانی ناوەوەی خۆم دەبینم، بەڵام لەخۆم بترازێت دونیا لە تاریکییەکی قەشەنگو بێشەرمدا مەلە دەکات، پاشان دەڵێت: ئەو خەڵکەی دەبینن نازانن چۆن چاویان بەکار بهێنن.

چیرۆکنووس لەم دوو رستەیەوە دوو پرسی گرنگ دەخاتەڕوو کە یەکەمیان پرسی ئەوەی کوێرەکان ئەو بوونەوەرانەن کە خودی خۆیان باش دەبینن و توانای شۆڕبوونەوەیان هەیە بەناخی خۆیاندا، بەڵام لە دەرەوە بێئاگان. ئەم خاڵە دەمانباتە سەر ئەوەی زۆرجار ئەوانەی چاویان هەیە ئەو توانایەی کوێرەکانیان نییە کە لەخۆیان رابمێنن، بۆیە کوێرەکان هەموو کاتو تەمەنی خۆیان بۆ رامانو وردبوونەوە لە خودی خۆیان تەرخاندەکەن.

پرسی دووەمی ئەو دوو رستەیەی چیرۆکنووس ئەوەیە، ئایا ئەوانەی بیناییان هەیە چۆن چاویان بەکار دەهێنن؟ ئایا توانای ئەوەیان هەیە کەشفی ئەو خاڵانە بکەن کە بینایی دەتوانێت بیبینێتو تا ئێستا نەیان بینیوە، بۆیە دەکرێت لەم رستەیەشەوە بچین بۆ ئەوەی کە پێدەچێت چیرۆکنووس ئەوە بخاتەڕوو کە ئەوانەی بیناییان هەیە نازانن، یان وشیارنین بە بەکارهێنانی، چونکە چاو چەندە بۆ سەیرکردنی دەوروبەرە، ئەوەندەش بۆ سەیرکردنی خودی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر مرۆڤێک چاوی تەنها بۆ سەیرکردنی ئەوانیتر بەکاربهێنێت خۆی لەبیر دەکات، دەکەوێتە نێو فەرامۆشییەکی بێکۆتاییەوە، کە دواجار دەگاتە ونبوون، کوێرەکان ئەو مرۆڤانەن کە دەتوانن چاو بۆ ئەو شتانە بەکاربهێنن کە پەی پێنەبراوە، مرۆڤ کە ئەندامێکی نەبوو ئەوسا بە نهێنییەکانی بوونی ئەو ئەندامە ئاشنا دەبێتو کوێرەکان نهێنی بینینیان دۆزیوەتەوە.

لە رۆمانی "من ناوم سورەیە"(٣)ی ئۆرهان پامۆکدا مامۆستایانی نیگارکێش ئاوات بە کوێربوون دەخوازن بۆ ئەوەی بگەن بە حەقیقەتی خالق، یەکێک لە کاراکتەرەکانی پامۆک دەڵێت:

بۆ ئەوەی وەک دوو هەژاری راستەقینەو دوو دەروێشی سواڵکەرو دوو قەلەندەر بکەوێنە بەرچاوان وەک کوێر دەمانڕوانی، یان لە شوێنێکیتردا پامۆک دەنووسێت: ئەو نیگارانەی بە کوێریی دەکێشرێن سادەترو بێگەردترە.

ئەم رستانەی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو کە لەنێو نیگارکێشاندا گەیشتن بە کوێریی ئاوات بووەو بۆ ئەوەش بەشێک لەو مامۆستا نیگارکێشانە خۆیان خۆیان کوێرکردووەو کوێرییان بە خەڵاتێکی خودا زانیوەو چاوەڕوانیان کردووە، بۆ ئەوەی بە وێنەی راستەقینە بگەنو نیگاری بکێشن. پامۆک لەو رۆمانەدا بەتەواوی ئەوە دەخاتەڕوو کە

کوێرو نابینا نابن بەیەکو ئەو نیگارکێشانەشی کە "خۆکوێرکردنیان " هەڵبژاردووە ئەوە کارێکی "قارەمانانە"یان کردووە، واتە لای پامۆک هەڵبژاردنی کوێریی، یان دروستتر بڵێم "خۆکوێرکردن" بۆ گەیشتن بە خالق دەگەڕێتەوەو بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت ئەوەی خالق لە عەقڵی مرۆڤدا دەیچێنێت ئەوە بکرێتە نیگار، نەک ئەوەی لە دنیادا دەبینرێت، چونکە وەک یەکێک لە کاراکتەرەکانی تری هەمان رۆمان دەڵێت: کوێریی جیهانێکی بەختەوەرەو ئیبلیسو تاوانی تێدا نییە. بۆیە کوێریی راکردنە لەتاوانو گەیشتنە بە پاکی.

ئەم گەڕانەوەیە بۆ لای خالق لای ئارام هەست پێناکرێت، بەڵکو کوێریی لای ئەم چیرۆکنووسە گەڕانەوەیە بۆ خود، کە ئەمەی ئارامیش خستویەتییەڕوو هەم پێچەوانەی ئەوەی پامۆکە و هەم پێچەوانەی ئەو کوێربوونەشە کە ساراماگۆ لە رۆمانی (کوێریی)[٤]دا دەیخاتەڕوو، ساراماگۆ دوو دیوی کوێریی دەخاتەڕوو، یەکەمیان ئەوەیە کە کوێریی لە زۆر ناشیرینی رزگارمان دەکات، چونکە دنیا بەدەست مرۆڤەکان زۆر ناشیرین بووە. دووەمیشان ئەوەیە کە ئەو هەموو شەڕوماڵوێرانییە بەهۆی کوێربوونەوەیە، هەم ئەو کوێربوونەی کە مرۆڤ بینایی لەدەستدەداتو هەم ئەو کوێربوونەش کە مرۆڤ توانا، یان تاقەتی بینینی شتەکانی نەبێت.

یەکێک لە کاراکتەرەکانی ساراماگۆ دەڵێت: شەڕوئاژاوە هەمیشە کەمو زۆر شێوەیەک لە کوێریی بووە. پێدەچێت " ساراماگۆ " لێرەدا مەبەستی لەدەستدانی بینایی نەبێت، بەڵکو مەبەستی لەوەبێت کە ئەوانەی شەڕوئاژاوەیان دەوێت ئەوانە کوێرن، یان یەکێکیتر لە کاراکتەرەکانی ساراماگۆ لە شوێنێکیتردا دەڵێت: بەرلەوەی کوێربین، کوێربووین، ترس کوێرمان دەکات. ئەمە ئەو خاڵەیە کە ساراماگۆو ئارام لەسەری کۆکن ئەویش ئەوەیە چۆن چاوت بەکار دەهێنی بۆ بینینی شتەکانو دەوروبەر، کە ئارامیش ئەوەی خستەڕوو کە ئەو "خەڵکە نازانن چۆن چاویان بەکار بهێنن" ئەمەش ئەو کوێربوونەیە بەرلەوەی مرۆڤ بینایی لەدەستبدات روو دەدات.

خاڵی جیاوازی نێوان چیرۆکەکەی ئارامو رۆمانەکەی ساراماگۆ لەوەدایە کە پاڵەوانی ئارام هیوای هەیە بۆ ئەوەی بینایی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام ترسیشی هەیە لە گەڕانەوەی بینایی، بەڵام پاڵەوانەکەی ساراماگۆ بێزارە لەدەست ئەو کوێرییە و دەڵێت: "ئەگەر هەروا کوێربم، باشترە بمرم"

لێرەدا ئەوەی گرنگە بیخەمەڕوو ئەوەیە کە لای پامۆک، ئاوات خواستن بۆ کوێربوون هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ لای خالق وەک بوویەکی بڵندی ئەو دیو سروش، هەروەها لای ساراماگۆ بێزاریی و هەڵهاتن لە کوێربوون هەستپێدەکرێت، لەکۆتایی رۆمانەکەدا مرۆڤ بۆ دۆخی ئاسایی خۆی دەگەڕێتەوە، هاوکات لای ئارام جیاواز لە هەردوو بۆچوونەکەی پێشوو لای "پاڵەوانە کوێرەکە" گەڕانەوە بۆ خودی مرۆڤو رۆچوون هەیە بەنێو تونوتونەکانی "خود"دا، کە کوێریی بۆتە ئەو دەروازەیەی پێیبگات.

**ئایا کوێرەکان هەست بە جوانیی دەکەن؟**

پرسیارێک کە لێرەدا دەمەوێت بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێم ئەوەیە کە ئایا کوێرەکان هەست بە جوانیی دەکەن؟ یان ئەوان چۆن هەست جوانییو دژەکەی دەکەن، ئایا شتێک هەیە لای ئەوان جوان؟ یان ناشیرین بێت؟ لەڕووی فیسیۆلێژیشەوە زانست ئەوەی سەلماندووە کە مرۆڤەکان کە هەستی بینین لەدەست دەدەن، چوار هەستەکەی تریان بەهێزتر دەبێت، یان یەکێک لەو چوار هەستەیتر لەهەموو هەستەکانیتر بەهێزتر دەبێت، وەک ئەوەی وزەی ئەو هەستەش بەر ئەوان بکەوێت، بۆیە کوێرەکان هەست بە "زۆربەی" شتەکان دەکەن تەنها لە رێی هەستەکانی (بۆن، بەرکەوتن، چەشتنو بیستن)ەوە.

پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئارام لەرێی هەستی بۆنەوە دەتوانێت جوانیی لە ناشیرینییو هەموو بۆنێکی ناخۆش لەیەکتر جیابکاتەوەو ئەو بەهێزی

هەستی بۆنکردنی دەبێتە ئەو خاڵەی کە نەبوونی بینایی هیچ کاریگەرییەکی لەسەری نابێتو کاری باشی لە کۆمپانیایەکی بۆن دروستکردندا دەست دەکەوێت.

لای پامـــــــۆک کوێربوون بۆ ئەوەیە کـەشفی ئـەو جوانییانە بکرێت، کە بیناییش نەیتوانیوە کەشفی بکاتو ئـەو مرۆڤانەی چاویـان هەبووە پێینەگەیشتوون، بۆیە هەم مامۆستا عوسمان کە پاڵەوانێکی سەرەکی رۆمانی "من ناوم سورە"یە خـۆی کـوێر دەکــاتو هــەم زۆر نیگارکێشیتر حەزوئاواتیان ئەوەیە کە بگەن بە کوێربوون، وەک ئەوەی کوێریی پلەی گەیشتنبێت بە "بێکۆتاییبوون". نیگارکێشەکانی نێو رۆمانەکەی پامــــــوک ئەو هەستەیان هەیە جوانیی ئەوە نییە کە دەبینرێت، بەڵکو ئەوەیە کە ئەندێشە دەکرێت، بۆیە کوێربوون ئەو رێگە تاقانەیەیە کە نیگارکێشەکان دەگەیەنێت بەو ئەندێشەکردنەو ئـەوان دەیانەوێت جوانییەک ئەندێشە بکەن، کە پەیپێنەبراو وتاقانە بێت.

پاڵــــــــــــەوانی چیرۆکەکەی ئارامیش لە رێـی بۆنـەوە ئـەو جوانییانە کەشفدەکات کە پەیپێنەبراوەو ئـەو پاڵـەوانە بـەهـۆی "لوت"یەوە دەتوانێت کـار لە کارگەیەکی بەناوبانگی بۆندا بکاتو نەبوونی بینایی بۆ ئـەو هیچ نەنگییەکی دروستنەکردووە، بەڵکو بەهۆی ئەو هەستی بۆنەوە قازانجێکی خەیاڵیی بۆ خاوەن کارگەکە دەستەبەر بکات.

دەکرێت لێرەدا ئەوە بخــــەینەڕوو کە کوێربوون لەرۆمانی ناوم سووره و چیرۆکەکەی ئارامدا ئەو رێگەیەیە کە مرۆڤ دەتوانێت "ئەودیوی شتەکان" ببینێت، یان بگات بە دیوێکی شـاراوەی شتەکان، کە مرۆڤە چاوساغەکانیش توانای پەیپێبردنیان نەبووە، بۆیە کوێرەکان لە رێی هەستەکانی ترەوە نەک هەست بە جوانیی دەکـەن، بەڵکو ئەو دیوی جوانییش دەبینن‌و هەستیپێدەکەن.

**ترسی گەڕانەوەی بینایی**

مرۆڤ بەر لەوەی ئەرکی بیناکردنەوەی دنیای لەسەر شان بێت، ئەرکی بیناکردنی خۆی لەسەر شانە. کوێرەکان ئەو مەخلوقگەلەن کە خودی خۆیان بیناکردۆتەوە، یان لە هەوڵدان بۆ بەردەوام خۆبیناکردنەوە، بۆیە لەبیرو هەستی خۆیاندا هەوڵی بیناکردنەوەی دنیاش دەدەن، وەک ئەوەی ئەوان هەستی پێدەکەن. لەم چیرۆکەی ئارامدا پاڵەوانە کوێرەکە دەڵێت: "مرۆڤ کە هیچی نەبینی، زیاتر بە خەیاڵ دەبینێتو بەخەیاڵ دەژی، بۆیە منیش ناچاربووم دنیا بە جۆرێکیتر رێکبخەمەوە".

دیسان دەمەوێت بگەڕێمەوە لای پامۆک. لای ئەم نووسەرە دەکرێت کوێربوون وەک ئەفراندنەوەی دنیا تەماشا بکرێت لەنێو تابلۆدا، بەڵام بەپشتبەستن بەو هێزەی خالق بە کوێرەکانی دەدات، بەڵام پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئارام پشت بە خەیاڵ دەبەستێت بۆ ئەوەی وێنای دنیا بکاتەوە، بەڵام ئەو ترسەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئارام توانای لێدەربازبوونی نییە ئەوەیە کە بینایی بۆ گەڕایەوە دەبێت ئەو دنیایەی تێیدا دەژی چۆن بێت؟ ئەو خەمی ئەوەی هەیە کە وەک ئەوە نییە کە ئەو بینای کردووە. بۆیە دەڵێت:

"ئەگەر بیناییم بۆ بگەڕێتەوە هەموو شتێک دادەڕمێتو تێکدەچێت، هەموو شتێک. نیوەی تەمەنم دەبێ بخەمە تەنەکەی خۆڵەوە، من چەندەها ساڵم دەوێت تا دنیا کۆنەکە لەبیرخۆم بەرمەوە، چەندەها ساڵیترم دەوێت دنیا تازەکە خۆییم پێبناسێنێتو لەگەڵیدا ئاشتببمەوە. منیش هەر تەنیا ژیانێکم هەیە، دوو دنیاو ژیانێک ئەمە چەندی بەچەند هاوڕێیان...."

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە "جەلادەتی کۆتر"ی پاڵەوانی رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی بدەین کە ئەویش مۆسیقارێکی لێهاتووەو بەناچارانە دەبێت مۆسیقا لەبیر خۆی بەرێتەوە، لە کاتی لەبیربردنەوەی مۆسیقادا پاڵەوانەکەی بەختیار عەزابێکی زۆر دەکێشێت تا مۆسیقای لەبیر دەچێتەوە، بۆیە ترسی پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئارامیش بۆ لەبیربردنەوەی دنیا کۆنەکە، بۆ نەچەشتنی ئەو عەزابەیە کە

جەلادەت بۆ لەبیرکردنی مۆسیقا چەشتویەتی، بێگومان عەزابی لەبیرکردنی دنیا گەورەتر دەبێت لە عەزابی لەبیرکردنی مۆسیقا، واتە ترسی پاڵەوانەکەی ئارام ترسێکە بۆ هەڵهاتن لە عەزابەکانی ڕۆژگار.

ترسی گەڕانەوەی بینایی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو سی‌ودوو ساڵ تەمەنی لەنێو تاریکییدا بەڕێکردووەو و سی‌ودوو ساڵیتری دەوێت تا ئەو تاریکییە بڕەوێنێتەوە، بۆیە پاڵەوانەکە دواتر لە چیرۆکەکەدا دەڵێت: "بە قەد ئەم دنیایە دڵم لە ڕووناکی دەترسێت، بەقەد ئەم گەردوونە پرسیارم هەیە". لە کۆتاییشدا دەڵێت:" من هیچکات لە تاریکیی نەترساوم". ئەو ترسەی لای پاڵەوانەکەی ئارام هەستی پێدەکرێت بۆ گەڕانەوەی بینایی لای هیچکام لە پاڵەوانەکانی پامۆک هەستی پێناکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە خۆزگە بۆ کوێربوون لای بەشێکی زۆری نیگارکێشەکان ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە، هەروەها ترسی گەڕانەوەی بیناییش لای ساراماگۆش هەستی پێناکرێت. بەڵکو تەنها پاڵەوانێکی چاوساغ لەنێو کوێرەکاندا خۆزگەی "کوێربوون" دەخوازێت، چونکە ئەو پاڵەوانە پێی وایە بوونی چاو لەنێو مەملەکەتێک کە جگە لە کوێر کەسیتری تێدا نەبێت سوودی نییە، واتە لای ئارام ترسی گەڕانەوەی بینایی بە زەقیی ئامادەیی هەیە، کە لای هیچ کام لە پامۆکو ساراماگۆ هەستی پێناکرێت، یان ڕەنگدانەوەی نییە، کە ئەمەش دەبێتە خاڵێکیتری جیاوازیی چیرۆکەکەی ئارام و ئەو دوو نووسەرەیتر کە باسمانکرد.

### ماڵی کوێرەکان کوێیە؟

ماڵی کوێرەکان کوێیە؟ ئایا تاریکیی دوا ماڵی کوێرەکانە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەمانەوێت وەڵامی بدەینەوە و بزانین هەریەک لەو سێ نووسەرەی سەرەوە (پامۆک، ساراماگۆ، ئارام) چۆن لە تاریکیی دنیای کوێرەکان دەڕوانن.

وەک پێشتریش ئاماژەیەکی خێرامان بۆ کرد، لای پامۆک تاریکیی دنیای کوێرەکان بۆ ئەندێشەکردن‌و کەشفکردنی جوانیی نوێ‌و گەیشتنە بە پلەیەک بالاتر لە مرۆڤی ئاسایی، لای ساراماگۆ کوێرەکان ناگەنە تاریکیی، بەڵکو دەگەنە زەردایی و ئەو کوێرانەی لە ڕۆمانەکەی ئەم نووسەرەدا بینایی لەدەستدەدەن ناگەنە تاریکیی، بەڵکو دەگەنە خاڵێک کە ڕووناکیی تێدا ماوەو هەر بۆیە لەکۆتاییدا بیناییان بۆ دەگەڕێتەوە.

لە چیرۆکەکەی ئارامدا تاریکیی هەموو شتەکان دەگرێتەوەو ئەگەر بە وردی سەیری ناونیشانەکەش بکەین (گرێبەستە لەگەڵ تاریکیی) تەواو هەست بەو "تاریک پۆشینەی" دنیای پاڵەوانە کوێرەکە دەکەین، پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئارام لە بوونی ئەو هەموو تاریکییە بێزاربووەو دەڵێت:

بەناو تاریکیدا دەڕۆی‌و دەڕۆی‌و لە تاریکیی زیاتر کەس سەلامت لێ ناکات، لە گوڵی تاریکیی زیاتر هیچ شتێک لە باخچەکاندا ناڕوێ...ڕۆژ دەبێتەوە لای تۆ تاریکە، نان دەخۆی تاریکە، نا من نان ناخۆم تاریکیی دەخۆم. بەئاوێکی تاریک خۆم دەشۆم، خۆم بەتاریکیی وشکدەکەمەوە، تاریکیی لەبەردەکەم‌و سەردەکەمە سەر تاریکیی تا خەوێکی تاریکم لێبکەوێت.

لای پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئارام، تاریکیی بۆتە هەموو شتێکو لەو رستانەی سەرەوەدا هەست بەو وەڕسییەی پاڵەوانەکە دەکەین، کە لە ژیان لەتاریکیدا هەیەتی، ئەو هەموو شتێک تاریک دەبینێت، وەک ئەوەی دوا ماڵی ئەو تاریکیی بێت، بەلام ئەوەی ئەم پاڵەوانە لەو بێئومێدییەدا رزگار دەکات ئەو ئومێدە زۆرەیەتی بەو نەشتەرگەرییەی چاوەڕوانی دەکات بۆ ئەوەی لە تاریکیی قوتاربێت‌و وەک لە پێشەوەش خستمانەڕوو، پاڵەوانەکەی ئارام ئاماژە بەوە دەکات کە لەتاریکیی نەترساوە، بەلام بێزاربووە لەو دووبارەبوونەوەی ئەو ژیانە سی‌ودووساڵییە لەنێو تاریکییدا بەسەری بردووە، هاوکات دەبینین ترسی گەورەی لە ڕووناکیی زیاترە، بۆیە دواجار دەگەینە ئەو بڕوایەی کە پوچییەکی کامۆییانە لە پشت ئەم دەقەوە ئامادەیی هەیە،

پوچییەک کە ژیان هیچ تروسکاییەکی بۆ نەهێشتۆتەوە، واتە لەپشت ئەم دەقەوە، دەکرێت بەو بیرە پوچگەراییە بخوێنینەوە کە لە بەرهەمەکانی هەریەک لە کامۆو کافکا رەنگیداوەتەوە، بۆیە زیادەرەوی نابێت کە بڵێیت پاڵەوانە کوێرەکەی ئارام، میرسۆیەکیترە لە هەزارەی سێیەمدا، یان میرسۆیەکی دنیای کوردییە.

## ئەنجام

ئەگەر ئەقڵی رۆمان، ئەقڵی ئاڵۆزیی بێت وەک میلان کۆندێرا باسی دەکات، ئەوا دەکرێت پاش خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەی ئارام ئێمەش ئەوە بخەینەڕوو کە ئەم چیرۆکەش یەکێکە لەو چیرۆکانەی ئاڵۆزییەکی زۆری تێدایە وەک بەشێکی زۆر لە چیرۆکەکانی ئەم دواییەی ئەم چیرۆکنووسە. بێگومان ئەم ئاڵۆزییەی لەم چیرۆکەدا هەیە وەک کۆندێرا لە شیکردنەوەی ئەو رستەیەی سەرەوەدا دەیخاتەڕوو ئەو ئەقڵی ئاڵۆزییە بۆ ئەوەیە کە رۆمان بە خوێنەر بڵێت، شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە بیریان لێدەکەیتەوە، بۆیە ئەم چیرۆکەی ئارامیش لەوە ئاڵۆزترە کە ئێمە بتوانین لە نووسینێکی لەم چەشنەدا هەموو لایەنەکانی شیبکەینەوە، بەڵکو ئەوەی ئێمە خستومانەتەڕوو تەنها چەند لایەنێکی ئەو چیرۆکەیەو دەکرێت قسەی زۆر زیاتری لەسەر بکرێت، وەک لە نووسینێکیتردا کە لەسەر چیرۆکێکیتری ئەم چیرۆکنووسە نووسیومە، ئەوەم خستۆتەڕوو کە ئارام لەو چیرۆکنووسانەیە کە وشەی زیادە لە چیرۆکەکانیدا نییەو هەست بە چڕییەکی زۆر دەکرێت، چڕییەک کە خوێنەر دەخاتە بەردەم چەندین پرسەوە کە پاش خوێندنەوەی چیرۆکەکە کەمەندکێشی دەکات بۆ بیرکردنەوەو خەیاڵکردنەوە لەو پرسانەی پاڵەوانەکانی ئارام تێژتێپەڕانە بەلایاندا گوزەریان کردووە.

جوانیی ئەم تێکستەی ئارام تەنها لەم چەند خاڵانەدا کورتنابێتەوە کە خستمانەڕوو، بەڵکو ئەو زمانە سیحرییەی کە ئەم چیرۆکنووسە پێیدەگێڕێتەوە، زمانێکە کە تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە لە زاڵبوونی شیعرییەتێک کە ئەگەر خوێنەر چەند چیرۆکێکی ئارامی خوێندبێتەوەو چیرۆکێکیتری ببینێتو ناوی ئارامیشی لەسەر نەبێت دەتوانێت بیناسێتەوە، واتە لە ئێستادا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەزموونی چیرۆکنووسیی ئەم چیرۆکنووسە ئەزموونێکی دەوڵەمەندو تایبەتمەندەو دیوێکیتری چیرۆکی کوردییەو ئارام سیمایەکی تایبەتی بەخشیوە بە ئەزموونەکەی لەنێو نەوەکەی خۆیدا.

### سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١- ئارام کاکەی فەلاح، گرێبەستە لەگەڵ تاریکیی-چیرۆک، گۆڤاری ئایندە ژمارە (٨٤) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٩)

٢- ئارام کاکەی فەلاح، بەیازی گوڵفرۆشێک-چیرۆک، لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ستۆکهۆڵم (١٩٩٨)

٣- ئۆرهان پامۆک، من ناوم سورەیە- رۆمان، وەرگێڕانی: بەکر شوانی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر (٢٠٠٨).

٤- خۆزێ ساراماگۆ، کوێریی- رۆمان، وەرگێڕانی: سەلاحەدین ئاشتی، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای توێژنەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر (٢٠٠١).